# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ لامان، ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، زانیمان چۆن سەلام لەسەر تۆ بدەین، ئایا چۆن سەڵاوات لەسەر تۆ بدەین؟

لە عبدالرحمان کوڕی ئەبی لەیلاوە دەڵێت: کەعبی کوڕی عوجرە بە لامدا تێپەڕی، ووتی: ئایا دیاریەکت پێببەخشم؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ لامان، ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، زانیمان چۆن سەلام لەسەر تۆ بدەین، ئایا چۆن سەڵاوات لەسەر تۆ بدەین؟ فەرمووی: «بڵێن: (اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ) واتە: (خودایە وەسف وستایشی موحەمەد وبنەماڵە وشوێنکەوتووانی بکە -صلى الله عليه وسلم- هەروەکو چۆن وەسف وستایشی ئیبراهیم وبنەماڵە وشوێنکەوتووانیت کرد -عليه السلام-، وبەرەکەت وپیرۆزی بڕژێنە بەسەر موحەمەد وبنەماڵە وشوێنکەوتووانی -صلى الله عليه وسلم- هەروەکو چۆن بەرەکەتت ڕژاندە سەر ئیبراهیم وبنەماڵە وشوێنکەوتووانی -عليه السلام-، تۆ سوپاسکراو وستایشکراویت -حمید-یت و شکۆداریت -مجید-یت)».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

هاوەڵان پرسیاریان لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد سەبارەت بەچۆنیەتی سەڵاواتدان لەسەری؟ پاش ئەوەی زانیان چۆن سەلام بدەن لەسەری لەکاتی تەحیاتدا: (السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته..)؟ ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فێری کردن چۆن سەڵاوات بدەن لەسەری، وماناکەی: (اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ * خودایە وەسف وستایشی موحەمەد وبنەماڵە وشوێنکەوتووانی بکە -صلى الله عليه وسلم-): واتا بە وەسف وستایشی جوان باسی بکە لای فریشتە بەڕێزەکان لە ئاسمانەکانی، وشوێنکەوتووانی ئاینەکەیشی بەهەمان شێوە، وهەروەها ئیمانداران لە کەسوکارەکانی. (كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ * هەروەکو چۆن وەسف وستایشی ئیبراهیم وبنەماڵە وشوێنکەوتووانیت کرد -عليه السلام-): هەروەکو چۆن بە فەرزڵی خۆت وەسف وستایشی ئیبراهیم وبنەماڵەکەیت کرد -عليهم السلام- ؛ کە بریتین لە ئیبراهیم وئیسماعیل وئیسحاق ونەوەکانیان وئیماندارە شوێنکەوتووەکانیان، ئەم فەرزڵ وپاداشتەی خۆت ببەخشە بە موحەمەدیش -صلى الله عليه وسلم-. (إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ * تۆ سوپاسکراو وستایشکراویت): واتا: تۆ ستایشکراویت لە زات وسیفەت وکردەوەکانت، وگەورەیت لە مەزنێتی ودەسەڵات وبەخشینت. (اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ * خودایە بەرەکەت وپیرۆزی بڕژێنە بە سەر موحەمەد وبنەماڵە وشوێنکەوتووانی -صلى الله عليه وسلم- هەروەکو چۆن بەرەکەتت ڕژاندە سەر ئیبراهیم وبنەماڵە وشوێنکەوتووانی -عليه السلام-): واتا مەزنترین خێر وڕێزلێنان ببەخشە پێیان وبەردەوامی بکە بۆیان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5377